# ئازادی بیروڕا لای جۆن ستیوارت میل

لەعەرەبییەوە: هاشم ئەمین

جۆن ستیوارت میل لەساڵی (١٨٠٦ز) لەلەندەن لەدایکبووە، جیمس میلی باوکی (١٧٧٣-١٨٣٦) بیرمەندێکی بەناوبانگی بەریتانی بووە و خۆی سەرپەرشتی جۆنی کردوە تا لەخوێندندا سەرکەتوو بێت. تەنانەت ئەوەندە هەوڵی لەگەڵا داوە کەلەتەمەنی هەشت ساڵاندا فێری زمانی لاتینی بووە و لەتەمەنی دوانزەساڵیدا هەندێك لەکارەکانی ئەرستۆ و وانەکانی لۆژیکی خوێندوەتەوە، ژیانی جیمس وایکرد کەجۆن بەتەواوی لەسەر شێوازی باوکی بڕوات، کەهەمیشە ژیانێکی بەرنامەرێژکراوی هەبێت، ئەوەش وایکرد کەجۆن لەژیانیدا و لەتەمەنی منداڵی و گەنجێتیدا چانسێکی باش و ئازادییەکی زۆری هەبێت و هەست بەئاسودەیی بکات، ئەمانەش وایانکرد و کەهەر لەتەمەنێکی کەمدا کۆمەڵێ بابەت و نامە لەرۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبکاتەوە.

مەسەلەی بیروباوەڕ بابەتێکی هەمەلایەن وجیاوازە لەوانە کێشە سیاسیەکان و کۆمەلایەتیەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و کاریگەری لەسەر بیروباوەڕ و پرەنسیپەکان دەکات.

نوسەرو بیرمەندە هاوچەرخەکان لەبەریتانیا و فەرەنسا رەخنە و قسەیان لەم بابەتەکردوە، جۆن لەکتێبەکەیدا (دەربارەی ئازادی) کەلەساڵی (١٨٥٩) دا نوسیویەتی (ئێمە ناتوانین هیچ رەتبکەینەوە و بڕواشمان بەکەمینە هەیە، ئازادیش کاتێك کامل دەبێت کەبۆچوونەکان بخرێتەروو، ئیرادەیەکیش هەبێت بۆ جێبەجێکردنی، ئەمەش لەکۆمەڵگەدا کاتێك دەبێت کەئازادییەك لەکۆمەڵگەدا بوونی نەبێت، ناشێت بەتەواوی ماناش ئازادبن، واتە ئازادییەکی تەواو لەدەرەوەی پرەنسیپەکانی ئازادی). هەروەها دەڵێ»ئازادی تۆ تا ئەو شوێنە رێگەت پێدەدات کەئازادی کەسانی تر تێنەپەڕێنی و نەبێتە هۆکار لەلێدانی ئازادی بەرامبەر».

یاخود دەڵێت «تا کەبەمەست لەبەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی دروست و جێبەجێکردنی لەسەر هەموو تاکێك لەکۆمەڵگەی مەدەنیدا، دەبێت رێگریکردن بێت لەسەر ئازارنەدانی خەڵکانی دی. لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی هێز لەدژی کۆمەڵگەی خۆت ئەوا تۆ هەستایت وەرگرتنەوەی ئەندامێتی و ئیرادەی ئەوتاکانە لەکۆمەڵگەدا، نوسەر ئەم بابەتەی لەکتێبی (المسائل فی الاقتصاد السیاسی ١٨٤٤)دا بڵاوکردوەتەوە.

ئەو ئارگیومێنتە نوێیەی کەلەگەشەکردنی کۆمەڵگەی پیشەسازیدا دیارە، شوێنەوارەکەی پەیوەندی بەمەسەلەی ئازادی و چەمکی مافی تاکەوە لەژیانی مەدەنی و سیاسیدا هەیە، دەرکەوتنی رۆژنامە و بابەتەکانی راگەیاندنی نوێ، هێزێکە کەکۆمەڵگەی کۆن ناناسێت، میل ئەم بابەتەش لەهەردوو کتێبی (لەبارەی ئازادییەوە) و بیرەکان دەربارەی دەسەڵاتی مەدەنی ساڵانی(١٨٥٩-١٨٦١)دا نوسیویەتی.

## لەبارەی ئازادییەوە

نابێت دەسەڵاتداران دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێت، کەوا بکات ببێتە دژ لەگەڵا بەرژەوەندییەکانی گەل، بەڵکو باشتر وایە ئەوانەی کەکار وباری وڵات یان ئەوانەی نمایندەی وڵاتەکەیان دەکەن، ئەوانەبن کە خەڵك خۆیان دەیانەوێت و هەڵیدەبژێرن، چونکە ئەمە دەبێتە پێوەرێك بۆ ئەوەی ئەم تاکە دەسەلات بەشێوەیەکی خراپ بەکارنەهێنێ، جگەلەوەش دەرفەت

نەدرێ بەکەسەکان تاسەر لەپۆستەکانیاندا بمێننەوە، بەڵکو دەبێت سیستم بەشێوەیەك دابڕێژرێ، کەهەڵبژاردنەکان خۆیان بەشێوەی پلەبەپلە(تەدریجی) ئەنجامبدرێت، ئیدی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران بێت یان سەرۆکی پارتێك بێت.

لەکاتێکدا کەخەبات و تیکۆشان بۆئەوەی دەسەڵاتی حکومەت لەخولی هەڵبژاردنەوە بەدەستبهێنرێ لەلایەن رەعیەتەوە بەرەوتی خۆیدا دەگوزەرا، هەندێ لەخەڵکی بیریان لەوە کردەوە، کە ئەو بایەخەی ئەوان داویانە بەپرسی دەسەڵات زیاد لەپێویست بووە، بگرە هەمان ئەم پرسە ببێتە جێی رەخنە لەو دەسەڵاتەی کەلەزۆرینەی بارەکاندا بەرژەوەندی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلدا نایاتەوە.

کەواتە ئەوەی ئێستا پێویستە ئەوەیە کەدەبێ دەسەڵاتداران وەڵامی گەل بدەنەوە و بەرژەوەندییەکان و ئیرادەشیان تەنها ئیرادە و بەرژەوەندی و ئیرادەی گەلەکەیان بێت، هەروەها ئامادەبن کە گەل دەسەڵاتیان لێبسەتێنێتەوە و، لایانببات، ئەو کات دەبنە شایستەی ئەوەی دەسەڵاتیان پێبدرێت کە خودی دەسەڵاتەکە وابکات دەسەڵاتداران چۆن و لەکوێدا بەکاربهێنن، هەرئەو کاتەش پێویستە هێندە ئامادیی هەبێت، کەلەدژی هەر جۆرە بەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات رێوشوێن بگرێتەبەر.

سنوری دەسەڵاتی کۆمەڵگە لەسەر تاك

بەدڵنیاییەوە ژیان ئەگەر هەبێت لەناو کۆمەڵگەدایە و هەموو تاکێك دەبێت پلانێکی ئاکاری هەبێت، بەڵام ئەم ئاکارەش یەکەم نابێت لەبنەمای زیان گەیاندبێت بەکەسانی تر بێت، بەڵکو دەبێت لەچوارچێوەی ماف و دەقە یاساییەکاندا جێی بکرێتەوە یان لەچوارچێوەی چەمکە ئاکارییەکاندا بێت. دووەم دەبێت هەموو تاکێك لەناخیدا بەپێی پرەنسیپە ویژدانیەکان مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەیان ئەندامانی کۆمەڵگەبکات، ئەمانەش دروست نین کە هەموو جار کۆمەڵگە بیکات .

رەنگە کاروکردەوەی تاك زیان بەکەسانی تر بگەیەنێ، یان بایەخی ئەو تۆ بەدەستکەوتنەکانیان نەدرێ، بێئەوەی لەدژی مافە بریار لێکدراوەکانیان بێت، لەوکاتەدا دەتوانرێت کەسی تاوانبار لەرێی رای گشتیەوە سزا بدرێت، نەك لەرێی یاساوە، کاتێ هەر بەشێ لەبەشەکانی رەفتار هەڵسوکەوتی تاك دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی کەسانی تر، ئەو کاتە کۆمەڵگە دەبێ دەسەڵاتی بەسەر ئەو تاکەدا هەبێت و ئەم پرسیارە بخرێتە بەر باس و تاوتوێکردنەوە، ئایا بەرژەوەندی گشتی لەم پرسەدا سودمەند دەبێ یان نا؟ ئەو کاروکردەوانەی زیان بەخەڵکی دەگەیەنێت، بێگومان دەبێت چارەسەرێکی تەواو جیاوازیان بۆ بکرێت، پێشلکردن مافەکانیان، یان زیان پێگەیاندنیان بەمافی ئەو پاساو نادرێت، یان بەدرۆکردن بەگومانەوە مامەڵە لەگەڵ کردنیان، یاخود بێبەریکردنیان لەسود و قازانجەکان، تەنانەت لەرووی خۆپەرستیەوە لەئازار پێگەیشتن نەپارێزرێن، هەموو ئەمانە شایستەی ئەوەم لەرووی ئاکارییەوە پروتستۆ بکرێن، بگرە سزای ئاکارییان لەسەر بدرێت و لەحالەتە مەترسیدارەکاندا مافیان بۆ وەربگیرێتەوە، تەنها ئەم کردەوانە ببنە مایەی تورەیی و رق لێبورنەوە .

دڵ رەقی کینەو دوبەرەکی چاوچنۆکی ئیرەیی بردن، ئەمانە یەکێکە لەخراپترین ئارەزووەکان کە زیان بەکۆمەڵگە دەگەیەنن.

چەواشەکاری و نەبوونی دڵسۆزی ئازادی بیرورا.

میل یەکێکە لەو کەسانەی کەپێشنگەکە بڕوابوون بەئازادی بیرورا، تەنانەت بڕوای بەو بۆچوونانەش هەیە کەبەنسبەت هەندێ کەسەوە نائاکارین، چونکە پێیوایە ئەگەر هەموو کەس خاوەنی یەك جۆر بیرکردنەوەبوون، ئەوا هەموویان یەك کەسن، ئەگەر بیرکردنەوەیەکی جیاوازییان نەبوو. بەڵام ئەگەر هەمووشیان بێدەنگ بوون هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی پێشوودان تەنانەت ئەگەر هێزیشیان هەبوو، تاکە سنور بۆ ئەمەش میل سنوری ئازادی بیرورا بەگوزارشتێك بەناوی (پەیوەست بوون بەزیانەوە) بۆ کەسانی تر ناودەبات، بەردەوام سنوری ئەم کارە تەنها گفتوگۆکردنە لەماهیەتی زیان و جیاوازییەکان کەمرۆڤەکان گوزارشتی لێدەکەن.

جۆن ستیوارت میل یەکێکە لەبانگەوازکەران تیۆری فەلسەفی کە جەخت لەسەر دەرئەنجامە باشەکان دەکاتەوە بۆ زۆرترین خەڵك و بریتیە لەئاسۆیەك بۆ دیاریکردنی بەهای کار یان بیرێکی دیاریکراو ئاکاری بێت یان نا، ئەم برانەش دژن لەگەڵ قوتابخانەی فەلسەفی، کەتێدا کار بەئاکاری دادەنرێت ئەگەر سودێکیشی هەبێت، ئەم قوتابخانەیەش پشتی بەئاین بەست، بۆ ئەوەی کارەکانی رەزامەندییان لەسەر دەربرێ، واتە قبول بێت، هەروەها بۆ رونکردنەوەی ئەم جیاوازیانە، بۆ نمونە جۆن ستیوارت میل دەڵێ: درۆ، بۆ نمونە قبولکراوە ئەگەر سودێکی گەورەی هەبێ بۆ خەڵکێکی زۆر لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکرادا، پەیچەوانەی قوتابخانەی بەرامبەرەکەی، کەپێیوایە درۆ هەڵسوکەوتێکی خراپە تەنانەت ئەگەر دەرئەنجامەکانیشی باش بێت.

**سەرچاوە:**

جۆن ستیوارت میل… حریة العقیدة والفکر:الصباح: دراسات

www.marafea.org/paper.php?source.....